# یادی هەڵەبجە لە نێوان گومان و سەودای سیاسیدا !

ئەمساڵ یادی کارەساتی هەڵەبجە گرنگیەگی نەگەتیڤی وەرگرتووە ، ئەم گرنگیە لە دوو مەیدانی جیاوازدا بەرۆکی ئەم یادەیان گرتووە ،

یەکەمیان / پەیوەندی بە هەڵوێستی بەشێك لە قوتابیان و گەنجانی شاری هەڵەبجە هەیە ، کە بەتەمان نەهێڵن دەسەلات ئەم یادە بکاتەوە ، ئەم بانگەوازو هەڵوێستەو بیرکرنەوەیە ، بە ئامارێك بۆ نووسینەکانی 24 سەعاتی رابردووی سایتە کوردیەکان دەبینی لایەنگرو خاوەنی زۆری بۆ پەیدا بووە ، لە بەرامبەریشدا دەسەلاتی کوردی هەڵەبجەی پڕ کردووە لە چەکدار ، دەیەوێ بە هەرنرخێك بێ مەراسیمەکانی خۆی هەربکات .

دووەم / گومان لە هەڵەبجە هاوکاتە لە گەڵ گومان لە هۆلۆکۆست ، میسۆدی رقی کوێری شوڤینی لە کێشەی کورد لە ساڵی 2003 وە  بەوە دەستی پێکرد کە کوردستان بە ئیسرائیلی تازە دامەزراو لە قەڵەم بدا ، ئەمرۆ بەوە گەیشتووە بە گومان لە هۆلۆکۆست و لە هەڵەبجە کەمپینی سیاسی گەرم بکا . میلەتی کورد لەمیدیای فاشی ناسیۆنالیزمە رەنگاو رەنگەکانی چوار دەوریدا لە ژێر هێرشێکی گەورە دایە ، کار گەیشتۆتە ئەوەی گومان لە بوونی کارەساتی هەڵەبجە نەك تەنیا هەلوێست و بیر کردنەوەی هێزە سیاسی و دەوڵەتەکان بێ ، بەڵکو پانتایەکی گەورەی کۆمەڵایەتی خەڵکی نوخبەو جەماوەری میلەتەکانی دەوروبەر بە دەق و کلێشەی جیاواز هەمان هەڵوێست و بیرکردنەوە نیشان دەدەن .

ئێمە سەبارەت بەم دوو خاڵە هەڵوێستی ( دەنگەکان ) لەم پەرەگرافانەی خوارەوە کورت دەکەینەوە :-

– کارەساتی هەڵەبجە ، خەریکە لە لایەن میلەتی کورد خۆیەوە لە جێگەو رێگە شیاوەکەی خۆی پێشێل دەکرێ ، نووسەرە حەماسیەکان هەر ئەوەندەی سایتی پەیامنێر هەواڵی ئەوەی بلاوکردەوە کە هەندێ لە رۆڵەکانی شاری هەڵەبجە بە نیازن نەهێڵن دەسەلات ئەم یادە بکاتەوە ، ئەوانیش کەوتنە ووتاری پشتگیری بۆ ئەم هەڵوێستە ، هەندێ لە نووسەرەکان دڵی بە پشتگیریش ئاوی نەخواردەوە ، سەرەاری ئەوەی دەزانێ دەسەلات شارەکەی پڕ کردووە لە چەکدار و سڵ ناکەنەوە لە تەقە کردن ، کەچی داوا لە خەڵکی هەڵەبجە دەکات بچنە شەڕی دەسەلات و بە شۆڕش و هێلکەی گەنیو رەجمی هەردوو حیزبی دەسەلاتدار بکەن ، نووسەر تر دەیەوێ یادی هەڵەبجە لە مێژوودا بە ناوی بزوتنەوەکەی ئەو بنووسرێتەوە ، داوا دەکا سەر لەنوێ پەیوست ببنەوە بە ئالتەرناتیڤەکانی حیزبەکەی ئەو ، نووسەری تر لای گرنگ نیە خواستی جەماوەر یان فلان نوخبە لە بەرامبەر مەسەلەی دیاری کراودا دروستە یان نا ، هەر ئەوەندەی وا هاتە بەرگوێ دژ بە دەسەڵاتە " OK " بۆ لێدەداو یەکسەر خیتابێکی شۆڕشگێرانەی سەتحی و لاوازی بۆ پڕ دەکاتەوە ، ئیش کردن و مامەڵە کردن لە گەڵ نارەزایەتی و تورەبوونی خەڵك بەرپرسیاریەتیەکی گەورەیە ، چەندە بەچاوی رەخنەوە دەروانینە بێ دەربەستی دەسەڵات بە هەمان شێوەش دەبێ لە بەرامبەر

کاردانەوە پڕ لە ئینفعالاتی جەماوەریش یان نوخبەیش رەخنەگر بین ، مەنع کردنی یاد کردنەوە لە بەهێزی دا نیە ، بەڵکو بە داخەوە لە لاوازی بزوتنەوەی جەماوەری دایە و لە هەڵبژاردنی تەکتیکی نادروست دایە ، باشترین هەڵوێست ئەوە دەبوو کە ئەوانیش بە دیدگایەکی جیاواز لە حیکایەتەکانی دەسەڵات یادی هەڵەبجەیان کردبایەوە ، یاد کردنەوەی هەڵەبجە حورمەتی خۆی هەیەو دەمێکە تایبەتمەندیە لۆکەڵیەکانی ترازاوەو هەوڵدانی زۆر جدی لە ئارادایە لە فراوان کردنەوەی تایبەتمەندیە جیهانیەکانی کە دەیبەستێتەوە بە هۆلۆکۆست و هێرۆشیماوە ، حورمەتی ئەم یادە هەروەك چۆن موڵکی دەسەڵات نیە ، هەر ئاواش موڵکی هیچ نوخبەیەك نیە وەکو " ڤیتۆ " یان وەکو دوا وەرەقەی فشار دژ بە دەسەڵات بە کاری بێنێ ، لە دەوڵەتی ژاپۆنی ئێستادا بێکاریەکی گەورە هەیە ، رێژەی ئەم بێکاریە هێرۆشیمای ئەمڕۆش دەگرێتەوە ، بزوتنەوە ناڕازایەتیەکان و چینایەتیەکان ڕۆژانە لەوێ ئەکتیڤ دەبێتەوە ، بەڵام ئەم ناڕازایەتیانە قەت دەستی نەبردووە بۆیادی هیرۆشیما لە دژی حکومەتی ژاپۆنی بە کاربهێنێ . لە دەستمان دێ لەهەڵەبجە بایکۆتی مەراسیمەکانی دەسەڵات بکەین ، بە بێ ئەوەی بە موغامەرەی توندو تیژی یەك دڵۆپ خوێنێکی تر لە ڕۆڵەکانی ئەم شارە بڕژێ ، ئەم شارە لە پاڵ مەحروم بوونی لە ئاوەدان کردنەوەو خزمەتگوزاری ، لەدوای کیمیا باران ، بە قەدەر " کابول " ی ئەفغانستان شەڕی ناوخۆی لێکراوە ، بەقەدەر گەڕەکی سەدری بەغدا کۆنەپەرستی گەرای توندو تیژی لێ چاندووە .

- گومان لە هۆلۆکۆست ، گومان لە هەڵەبجە .

سەرۆکی ئێران ئەحمەدی نەژاد سەرکردایەتی کەمپینێکی گەورە دەکا بۆ بەدرۆخستنەوەی هۆلۆکۆست ، میدیا و هێزە سیاسیەکانی دین و ناسیۆنالیزمی عەرەبیش لە پاڵ سەپۆرت بۆ ئەم کەمپینەی نەژاد ، کەمپینێکی تری ئیقلیمی دژ بەکوردو بە کارەساتی هەڵەبجە بە ڕێوە دەبەن ، ئەم گومان دروست کردنە ، ئەم ئینکاری کردنە لەو کارەساتە گەورانە ، بەشێکە لە دیاردەی دارمانی بەهاکان لە دونیای پڕ لە توندو تیژی ئەمڕۆدا ، مانایەکی پەنهانە بۆ پاکانە کردن بۆ سەرشێتی شەڕو نیازە خوێناویەکانی سبەینێ ، گاڵتە کردن بە ژمارەی کوژراوەکانی هەڵەبجە گوایە موبالەغەیە و وانیە لەلایەن نووسەرە عەرەبەکان دەمێکە بەناوی خوازراو بڵاوناکرێتەوەو بە ناوی راستی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە ! نیشان دانی میلەتێك گوایە بەکرێ گیراوی ئەمریکاو ئیسرائیلن قەتیس کردنی ناسنامەی ژیان و وجودیانە بۆ ئاکشنی سڕینەوە ، ئەم کەمپینانە هەڕەشەی گەورەن لە ئێستاو لە ئایندەمان ، گرنگترین و عەمەلی ترین وەلام بەم کەمپیانانە ئەوەیە دەوڵەت لە دوای دەوڵەت بهێنینە پای ئەوەی وەکو جینۆسایدی ئەرمەنیەکان دان بە جینۆسایدی کوردو هەڵەبجە دابنێین .

دەستەی بە ڕێوەبەری دەنگەکان

2006/3/15